


## باشترین خانمە نمایشکاری جلوبەرگ

لە راپرسییەکی گۆڤاری بیبۆڵی ئەمریکیدا خانمی ئیسپانی (بینیلۆبی کرۆز) بە باشترین خانمە نمایشکەری جلوبەرگ لە جیهاندا دەستنیشانکرا. لەسەر ئاستی پیاوانیشدا یاریزانی تۆپی پێ (دێڤید بێکهام) ئەم نازناوەی پێ برا.

## پایسکیلەکەی سەرۆکی پارتی پارێزگاران دزرا

پایسکیلی سەرۆکی پارتی پارێزگارانی بەرهەڵستکار لە بەریتانیا دزراو ئەو کارەش حزبەکەی نیگەران کردووە. (دێڤید کامیرۆن)ی سەرۆکی پارتەکە لەکاتی شت کڕین پایسکیلەکەی لە دەرەوەی بازاڕەکەدا راگرتبوو، بەڵام لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە دزرا، بۆیە کامیرۆن داوای کرد هەر کەسێک پایسکیلەکەی بینی بۆی بگەڕێنێتەوە. شایانی باسە کامیرۆن ئەم پایسکیلەی بۆ هاتوچۆی نێوان ماڵی خۆیان و پەرلەمان بەکاردەهێنا.



## فەوارەیەکی سەیر

لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا جۆرە نافورەیەکی سەیر دروستکراوە کە ئوتۆمبێلێکی راستەقینەی هەڵگرتووە، بەڵام نازانرێ هێزی پاڵنەری ئاوەکە چەندە کە توانیویەتی ئەو ئوتۆمبێلە لەئاستێکی دیاریکراودا رابگرێ.

## گەورەترین نەمامگەی جیهان

دروستکردنی گەورەترین نەمامگەی جیهان لە ناوچەی کێنت لە بەریتانیا دەستپێکرد. رووبەری نەمامگەکە ٨٠ جار لە رووبەری یاریگایەکی تۆپی پێ گەورەترەو ١٠٠ ملیۆن دۆلاری تێدەچێ و بڕیارە لەساڵی ٢٠١٠ تەواو بێت، یەک ملیۆن رووەک لەم نەمامگەیە دەچێنرێ و بەرهەمهێنانی سەوزەوات لە ئینگلتەرا بەرێژەی ١٥٪ زیاد دەکات.



## پیرەژنێک لەگەڵ ١١٧ پشیلە دەژیت

دوای دەستگیرکردنی ئافرەتێکی ٥٤ ساڵە لە ویلایەتی ئۆماها لە ئەمەریکا بەتۆمەتی دزینی خواردن بۆ پشیلە، دەرکەوت لەماڵی ئەو ئافرەتەدا ١١٧ پشیلەو سمۆرەیەک و کەروێشکێک دەژین، کە ژمارەیەکی زۆر لە پشیلەکان نەخۆش بوونە و ناو ماڵەکەش پڕ بووە لە پیسایی ئەم گیاندارانە. ئافرەتەکە لەکاتی دەستگیرکردنیدا بۆنی میزی پشیلەی لێهاتووە. پێشتریش ٢٠٠ پشیلەیان لەماڵەکەی هێناوەتە دەرەوە، بۆیە پێدەچێ ئەم ئافرەتە بەتۆمەتی خراپ هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ گیانداران سزا بدرێ.



أسماء الألوان / تصميم ليرةو لةوي / الصفحة: ٧٦ / ١٢/٨/٠٨ / 1:28 AM




## وێنەیەک بە ١٥ ملیۆن یۆرۆ

دوای ئەوەی زۆر لە گۆڤارەکانی جیهان لەهەوڵی بەدەستهێنان و بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی منداڵە دووانەکەی هەردوو ئەکتەری بەناوبانگی ئەمەریکی ئەنجلینا جولی و براد پیتدا بوون، دواجار گۆڤاری (هەلاو)ی ئەمەریکی بەرامبەر ١٥ ملیۆن یۆرۆ بۆ یەکەمجار وێنەی دوانەکەی بڵاوکردەوە. ئە دوانەیە کە کوڕو کچێکن و ناویان نوکس و ڤیڤیانە، تەمەنیان نزیکەی مانگێکە. ئەمەو هەردوو ئەکتەر بڕیاریاندا بەشێکی زۆری ئەو پارەیە بۆ کاری خێرخوازی خەرج بکەن.

## لە ١٥ نهۆمەوە کەوتە خوارەوەو هیچی لێنەهات

لە شاری نیویۆرک لە ئەمەریکا کچێک لە نێو دوکەڵکێشێکەوە لەسەربانی تەلارێکی ١٥ نهۆمییەوە کەوتە خوارەوە، بەڵام هێچی لێنەهات. کچێکی ١٢ ساڵە لەکاتێکدا لە سەربان سەرقاڵی یاریکردن بووە دەکەوێتە نێو دوکەڵکێشێکەوە، دواتر دانیشتوانی تەلارەکە کچەکە لە ١٥ نهۆمی خوارتر دەدۆزنەوە کە تەنیا ئێسکی رانی لەجی چوو بوو، ئەو دوکەڵە زۆرەی بەرزییەکەی زیاتر لە ٥٠ سانتیمەتر بووە بۆتە هۆی رزگاربوونی کچەکە.

## چاندنی قۆڵێکی بڕاوە

پزیشکانی ئەڵمانی لەشاری میونیخ توانییان بۆ یەکەمجار لەجیهاندا نەشتەرگەری چاندنی قۆڵ بۆ پیاوێکی قۆڵبراو ئەنجامبدەن و باری تەندروستی نەخۆشەکە زۆر باشە. ئەو پیاوە تەمەن ٥٤ ساڵە شەش ساڵ لەمەوبەر لەرووداوێکدا قۆڵێکی لەدەستدا بوو. نەشتەرگەرییەکە ١٥ کاتژمێری خایاندو نزیکەی ٤٠ پزیشک بەشدارییان لەم کارەدا کرد.



## پارە دەدا تا لەدەستی نەڕوات

خانمە ئەکتەری ئەمەریکی (جنیڤەر ئەنیستون)ی تەمەن ٣٩ ساڵ زۆر بایەخ بە سیمای دەدات لەمبارەیەوە پارەیەکی زۆر خەرج دەکات کە مانگانە نزیکەی پێنج هەزار یۆرۆی لەکیس دەچێت، ئەمەش زیاتر بۆئەوەی (جۆن مایەر)ی دڵخوازی لێی رازی بێت و بەجێی نەهێڵێ کە ٩ ساڵ لەو گەورەترە.

## گرێبەست لەنێو هەوردا





بووک و زاوایەکی هۆڵەندی بڕیاریاندا بەشێوەیەکی نائاسایی گرێبەستی هاوسەری ببەستن. ئەو بووک و زاوایە لەجیاتی چوونە کلێسا، بەهاوڕێیەتی پیاوێکی ئایینی سواری سێ فرۆکەی جیاواز بوون و لە بەرزایی ١٠ هەزار مەتر گرێبەستی هاوسەرێتییان بەست.



أسماء الألوان / تصميم ليرةو لةوي / الصفحة: ٧٧ / ١٢/٨/٠٨ / 1:28 AM